14 زنجیرة باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری



# مەنسور حیکمەت

- تەرحی سازماندەیی رابەری حیزب
- بنەمای ریکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

دوبارە لەچاپدانەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان / ئۆکتۆبەری 2008

مەنسور حیکمەت

- تەرحی سازماندەیی رابەری حیزب
- بنەمای ریکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی  کرێکاری

وەرگێرانی : سالار رەشید

مۆنتاژ : نوری  بەشیر

سایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان

www.hkkurdistan.org

ئیمەیڵی حزب

hkkurdistan@yahoo.com

١٣ -هاوفكریی لە دیاریكردنی ئامانجی هاوبەش و هاوهەنگاویی لە تیكوشانی عەمەلی بو گەیشتن پیی، پرانسیپی بناغەیی پەیوەندییە ناوخوییەكانی حیزبی كومونیستی كریكارییە. فراوانترین ئالوگوری نەزەر و هاوفكری و زورترین كەشی كراوە بو دەربرینی بوچونەكان و تیروانینە جیاوازەكانی كەسەكان، لە پروسەی بریاردان بو بەئەنجامگەیاندنی كاریك، لە ئاستە جوربەجورەكاندا، هاوشانی توندوتولترین زەبتورەبت و هاوهەنگاوی و یەكپارچەیی عەمەلی لە بەرەوپیشەوەبردنی سیاسەت و هەنگاوە پەسەندكراوەكان، كولەكەی لەجیاوەبوونەهاتووی پەیوەندییە دەروونییەكانی حیزبی كومونیستی كریكاری پیكئەهینی.

١٤ -زەبتورەبتی توندوتولی تەشكیلاتی، مەرجی پیویستی ئیدامەكاری و پیشرەوی حیزبیكی شورشگیری كریكارییە، لە هەلومەرجی نالەبار و سنوردارکراوی مەوجود، تەنانەت لە ولاتە زور لیبرالەكانیشدا. زەبتورەبتی زال بەسەر حیزبی كومونیستی كریكاری، زەبتورەبتیكی پشتبەستوو بە هوشیاری ئەندامان لەسەر پیویستییە عەمەلییەكانی تیكوشانی كومونیستی و هەلومەرجەكانی هەلسورانی حیزبە. دیسپلینی حیزبی بە پلەی یەكەم، پەیوەستە بە هاوئاهەنگی سیاسی و مەعنەوی حیزب و پوختەیی و هوشیاری ئەندامان و هەلسوراوان. حیزبی كومونیستی كریكاری لە میانەی هەول و كوششی هەمیشەیی، بو فیركردنی ئەم دیسپلینە و بەهیزكردنی ئەم ئاگایی و هوشیارییە لە نیو ئەندامان و هەلسوراوانی خویدا، لەبەرامبەر لادان لە پرانسیپی حیزبیدا، هەنگاوی ئینزیباتی دیاریكراو ئەگریتەبەر. ئاگاداركردنەوەی رەسمی، سوكترین و دەركردن (لیسەندنەوەی ئەندامەتي)، توندترین هەنگاوی ئینزیباتییە، لە حیزبی كومونیستی كریكاریيدا.

١٥ -بناغەی دیاریكردنی ئەرك و لیپرسراویتی حیزبیی هەر كەسیك، ئامادەیی و پەسەندكردنی ئاگیانەی خودی ئەو كەسەیە. هیچ كەسیك لە ئەندامانی حیزب، بە زور و بە پیچەوانەی ئارەزووی خوی، بو بەئەنجامگەیاندنی هەر ئیشوكاریك، وەیان قبولكردنی هەر مەئموریەت و لیپپرسراویتییەك، راناسپیردریت .لەهەمانكاتدا، قبولكردنی هەر لیپرسراویتییەكی تەشكیلاتی و ئامادەبوون لە هەر ئورگانیكی حیزبیی ، بە مانای، راگەیاندنی ئامادەیی ئاگاهانەی ئەو كەسە، بو قبولكردنی ئیشوكار، نورم و دیسپلین و مەوازینی تەشكیلاتی تایبەت بەو پوستە وەیا ئەو ئورگانەیە.

١٦ -حیزبی كومونیستی كریكاریی، لە ژیانی خوسوسی ئەندامەكانیدا دەخالەت ناكات. ئەم مافە، هەمیشە بو حیزب پاریزراوە كە هەركاتیك رەفتار و كردەوەی ئەندامانی حیزب لە ژیانی كومەلایەتیدا، پیچەوانەی پرانسیپەكانی حیزب بیت، هەنگاوی ئینزیباتی پیویست، تا رادەی لیسەندنەوەی ئەندامەتی ئەو كەسە، بەكار ئەهینیت.

* * *



# تەرحی سازماندەیی رابەری حیزب

## پەسەندكراوی پلینومی ١٤ هەمی كومیتەی ناوەندیی سیپتامبەری ٢٠٠١

**پیشەكی :** ئامانجی ئەم تەرحە، خستنەرووی شیوەیەكی خوازراو، بو سازماندەیی دریژماوەی رابەریی حیزبی كومونیستی كریكارییە ، كە جووت بیتەوە لەگەل موشەخەساتی تایبەتی حیزبمان .تاقیكردنەوەی ئەم دواییە نیشانی دا، تەرحی پەسەندكراوی پلینومی پیشوو، كە لەویدا دەسەلاتەكانی كومیتەی ناوەندی بەسەر مەكتەبی سیاسی و لیدەری حیزبدا دابەش بووە، دەتوانیت لەكاتی لە ئارادابوونی پیویستییە دیاریكراوەكانی، بو هینانەكایەوەی رابەرییەكی كاریگەر و بەهیز، تەرحیكی گونجاو بیت. لەهەمانكاتدا لە كاتی لە ئارادانەبوونی ئەو پیویستییانە، حیزب بەرەو شكست ئەبات. بونمونە، گردەوەبوون و كوبوونەوەی یەك لەدوای یەك و زووبەزووی مەكتەبی سیاسی، وە لە ئارادابوونی سیستەمیكی ئیداریی ناوخویی پشتبەستوو بەو مەرجە، سەرەنجامی ئەركی ئەم ئورگانەیە، بە ناونیشانی دەزگایەكی سەرەوەی حیزب، كە سیاسەت دائەریژی و لیی دەپرسیتەوە. بە نەبوونی ئەم گردەوەبوون و دەخالەتگەرییەی مەكتەبی سیاسی، لایەنیكی بنەرەتی تەرحی پەسەندكراوی پلینومی پیشوو، نایتە جیبەجیكردن. لەلایەكی ترەوە، هەلبژاردنی كەسیك بە ناونیشانی لیدەر، تا ئەوكاتە بە شیوازیكی كارساز دەژمیردری كە: یەكەم، كاندیدگەلیكی كافی و ئامادە بو گیرانی ئەم رولە لە ئارادابیت، دووەم، لە هەمانكاتدا، كەسیك وەیان چەند كەسیك لە كاندیدەكانی ئەم پوستە، لە ئوتوریتەیەكی سیاسی و مەعنەوی جیكەتوو، كە یەكگرتوویی

کومیتەی ناوەندی و تەواوی حیزب لە ژیر رابەرایەتی خوی رابگری، بەهرەمەند بیت. ئەگەر بەم جورە نەبیت، ئەوا دانانی لیدەر، ئەشی، بە یەکیك لە گەورەترین کیشەکانی سازمانکاری رابەری، بگوریت. هەلبژاردنی لیدەریك بو حیزبیکی ئاسایی و جیکەوتە لە کومەلگایەکی روژئاواییدا، حیزبیکی بەهرەمەند لە نەریتی بەهیزی کاری حیزبی، بە فراکسیون و بالگەلی شکلگرتووەوە، شیوازیکی گونجاوە. بەلام لە حیزبیکی شورشگیری دژەریرەودا، ئەرکیکی بنەرەتی لیدەر پیکەینان و پاراستنی یەکیتییەکی بەرفراوانی حیزبییە. ئەوەی کە لەهەر دەورەیەك و لە هەر هەلومەرجیکدا، کەسیك وەیان کەسانیك بەم تایبەتمەندی و ئوتوریتەیەوە حزوریان هەبیت و ئامادەی ئەم لیپرسراویتییە بن، ناتوانریت مسوگەر بکریت.

**سەرەنجام، ئەم تەرحەی بەردەست، لەسەر چاوپیاخشاندنەوە بە دوو خال لە شیوازی سازمانکاری ئیستا، بنیاتنراوە.**

١ -لە جیگای فەردی لیدەر، کوریك (مجمع)، دەستەگەلیك، جەمعیکی رابەری جیگیر، پیشنیار ئەکریت. ئیستا کەسیك لەسەرەوەی ئەم جەمعە قەراری گرتووە، بەلام دەسەلاتەکانی تا ئاستی سکرتیری ئەم جەمعەیە و لە مافی فیتوی تایبەتی بەهرەمەند نییە.
٢ -دابەشبوونی دەسەلاتەکانی کومیتەی ناوەندی بەسەر لیدەر و مەکتەبی سیاسیدا، هەلئەوەشیتەوە. تەواوی دەسەلاتەکانی رابەری حیزب لە ماوەی نیوان دوو پلینومدا، بو مەکتەبی سیاسی ئەگویزریتەوە. رابەریی جیگیر (کە لەم تەرحەدا، ناوی نراوە هەیئەتی دائیمی مەکتەبی سیاسي)، بەشیکە لە خودی مەکتەبی سیاسی، کە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە، بو رابەرایەتی سیاسی و رینوینیکردنی عەمەلی و سازماندەیی حیزب هەلئەبژیردریت.

**ئەم تەرحە بەرووکەش، لە ەیلەگشتییەکانیدا، گەرانەوەیە بو شیوە کونەکەی سازماندەیی رابەری حیزب (مەکتەبی سیاسی بە ناونیشانی رابەری حیزب، لە ماوەی نیوان دوو پلینومدا). بەلام ئەبی، جەخت لەسەر چەند جیاوازییەکی عەمەلی و شیوەکاریی کەلەم تەرحەدایە، لەگەل شیوە کونەکەیدا بکریت:**

١ -لە ئارادابوونی رابەرییەکی جەمعی جیگیر و گردوکو لە جوگرافیایەکدا، کە بە شیوەیەکی هەمیشەیی لە سەرەوەی حیزب حزوری هەیە، کولەکەی بناغەیی ئەم تەرحەیە. هەتا ئیستا حیزب، لە ئاوها گردوکویەکی رابەری بەهرەمەند نەبووە.





پیویست، کومەلیك ئورگان و ەەیئەتی پسپور و دەزگای ستادی لە چەشنی چاپەمەنی، دەزگاکانی راگەیاندن و فیرکردن، یەکە و تورەکانی پەیوەندیگرتن و شتی لەم جورە، پیکئەهینیت، کە لەژیر چاودیری کومیتە پەیوەندیدارەکانی ریکخستنەوە هەلئەسورین.
٨ -حیزبی کومونیستی کریکاریی، بو بەرفراوانکردنەوەی نفوزی خوی لە نیو ریکخراوە غەیرە حیزبییەکاندا، چ ریکخراوەی کریکاریی وەیان غەیرە کریکاریی، وە بو زالکردنی سیاسەتەکانی خوی بەسەر جموجولی ئەم ریکخراوانە، وەیان بو بەدەستەینانی رابەرییەکەی هەول و تەقەلا ئەدات. حیزبی کومونیستی کریکاریی لە هەر شوینیك بە پیویستی بزانیت، بو پیکەینانی ریکخراوگەلیکی لەو چەشنە، خوی دەستپیشکەری ئەکات. حیزب لە هەر ریکخراوەیەکی غەیرە حیزبیدا، بە شیوەی یەك جەناح و فراکسیونی ریکخراو، کار دەکات.
٩ -حیزبی کومونیستی کریکاریی، ئەرکیتی کە دەخالەت لە هەموو مەیدانەکانی تیکوشانی چینایەتیدا بکات و رولی پیشرەویان تیدا بگیری، هەروها ئەرکیتی کە رەوتی کومونیستی نیو دەروونی چینی کریکار لە ژیر هەر هەلومەرجیکی کومەلایەتی و سیاسیدا ریکبخات. لەم روەوە حیزب، لەسەر بنچینەی ئەمە، ئیسکبەندیی بنەرەتی، لەهەر قوناخیك و لەهەر هەلومەرجیکدا، شیوە ئارایشیکی ریکخراوەیی وها بەخو دەگریت، کە بتوانیت وەلامدەرەوەی پیویستییە دیاریکراوەکانی تیکوشانی چینایەتی لەهەر دەورەیەکدا بیت .پیویستییەکانی هەلسورانی ئاشکرا و قانونی و هەلسورانی نەینی و ژیرزەمینی، هەلسورانی سیاسی وەیان عەسکەری، هەلسوران لە دەورەی ئارام وەیان جموجولی سیاسی، هەلسوران لە هەلومەرجی لە ئارادابوون وەیان نەبوونی ریکخراوە جەماوەرییە کریکارییەکان و ریکخراوەکانی تر، هەریەکە کاریگەری لەسەر تایبەتمەندییە ریکخراوەییەکانی حیزبی کومونیستی کریکاریی و جوری ئورگانەکانی و دەزگا تەشکیلاتییەکانی کە لەلایەن حیزبەوە پیکئەهینریت دائەنیت.
١٠ -کونگرەی حیزب بەرزترین ئورگانی رابەری حیزبە، کە لانی کەم هەر دوو سال جاریك ئەبەستریت. کونگرە لە نوینەرانی ریکخراوە حیزبییەکان پیکدیت، کە بە دەنگدانی راستەوخوی ئەندامانی ئەم ریکخراوانە هەلبژیردراوون. بەرزترین ئورگانی رابەری حیزب لە ماوەی نیوان دوو کونگرەدا، کومیتەی مەرکەزییە، کە لە هەر کونگرەیەکدا، ئەندامەکانی هەلئەبژیردرین.
١١ -تیکرای کومیتە حیزبییەکان، لە ئاستە یەك لەدوای یەکەکانی ستوونی ریکخستن، بە هەلبژاردنە.
١٢ -لە ئاستە یەك لەدوای یەکەکانی ریکخستندا، ئەوەی کە ئەسلە، پەیرەویکردنی هەر کومیتەیەکە لە پەسەندکراوەکانی کومیتەی بالاتر و پەیرەویکردنی هەموو کومیتەکانە لە پەسەندکراوەکانی کومیتە مەرکەزی.

خوی بە كومونیست و بە شەریكی ئامانجە كومەلایەتیەكانی حیزب بزانیت، وە ئامادەبیت، بو بەدیهینانی ئەو ئامانجانە، لە چوارچیوەی حیزبی كومونیستی كریكاریی ئیران، هەلسورانی ریكخراو ئەنجام بدات، دەتوانیت ببیتە ئەندامی حیزب . دووركەوتنەوە و وازەینان لە حیزبیش كاریكی ئازاد و ئارەزوومەندانەیە.
٣ -ئەندامەتی لە حیزب، سنور و مەرج بو هیچ یەكیك لە ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەكانی ئەندام دانانیت . بە هەمان شیوە، ئەندامەتی لە حیزب، لە هیچ هەلومەرجیكدا، نابیتە مایەی هیچ جورە ئیمتیاز وەیان بالاتربوونی ئەو، لەچاو باقی خەلكدا.
٤ .كادر، بە ئەندامیكی حیزب دەگوتریت، كە لە ریگای هەلبژاردن، وەیان دانان، لیپرسراویتی ریكخستن و رینوینیكردنی هەلسورانی حیزب، لە مەیدانیكی دیاریكراودا، لە ئەستو ئەگریت. هەلسوران بە عینوانی كادر، پیویستی بەوەیە، كە ئەو مەوازین و دیسپلینانەی كە هاوشانی ئەو لیپرسراویتییە حیزبییەیە كە ئەو كەسە لە ئەستوی ئەگریت، قبول بكات. ئەم مەوازین و دیسپلینانە، رەنگە لیپرسراویتی زیاتر و وابەستەبوون بە زەبتورەبتی توندتر، بە بەراورد لەگەل مەوازینی گشتی چاودیر بەسەر ماف و ئەركی ئەندامان بە شیوەیەكی گشتی، لە ئەستوی ئەفراد دابنیت. مەوازینی چاودیر بەسەر هەلسورانی كادری حیزب، لە بریارە تایبەتییەكانی هەلسورانی هەر ئورگانیك و لە ئەسنادیكیش كە چاوەروانییە گشتییەكانی حیزب لە كادرەكان خستویە روو، دائەنریت.
٥ -حیزبی كومونیستی كریكاریی ریكخراویكە، بو ریكخستن و رینوینیكردنی خەباتیكی كومەلایەتی، كە لەلایەن خودی چینی كریكارەوەیە، وە تایبەتمەندییە ریكخراوەییەكانی حیزب، تابیعی ئەم ئامانجە بنەرەتییەیە. پیكهاتە و مەوازینی ریكخراوەیی حیزبی كومونیستی كریكاریی بەجوریكە، كە پەیوەستبوونی هەرچی زیاتری پیشرەوانی كومونیستی چینی كریكار و هەلسورانی بەردەوامی ئەوان لە حیزبدا، ئاسان و مسوگەر ئەكات.
٦ -سیلولی پایەیی حیزبی كومونیستی كریكاریی، شانەی ئەندامانە، كە لە شوینی كار و ژیانی كریكاران پیك ئەهینریت. ئاستە یەك لەدوای یەكەكانی ستوونی حیزب، ریكخراویكی قوچەكي(هەرەمي)، پیكەاتوو لە كومیتە محەلییەكانی حیزب ساز ئەكات، كە هەریەكەیان بردنەپیشەوە و رینوینی هەلسورانی حیزبیان لە سنووریكی زیندەگي_ جوگرافی دیاریكراودا، لە ئەستودایە. گرنگترینی ئەو كومیتانە بریتین لە كومیتەی محەل (كومیتەی شوین: شوینی كار وەیان ژیان _وەرگیر)، كومیتەی شار و ناوچە. كومیتەی مەركەزی لە نوكی قوچەكی ریكخستنەكەدایە و تەواوی ەهلسورانی حیزب، لە ئاستی سەراسەریدا، ریك دەخات و رینوینی دەكات.
٧ -سەرباری ریكخستنی قوچەكی و ستوونی، حیزبی كومونیستی كریكاریی بەگویرەی





٢ -ئەم جەمعە بە تەنها رابەرایەتیكردنی جیبەجیكردن و ئیدارەكردنی حیزبی لە ئەستودا نییە، بەلكوو رابەرایەتیكردنی، بە مانا فراوانەكەی، لە ئەستودایە. نەخشەدانەری گشت سیاسەتەكان، تاكتیكەكان، نەخشەكانی كار، كەمپینەكان و شتی تر، شیكردنەوەی ئەوانە لە ناوە و لە دەرەوەی حیزب، داكوكیكردن لییان، پیادەكردنیان، سازدان و ئامادەكرنی هیز، لە نیو حیزب و چین و كومەلگادا، بوبەجیگەیاندنی ئەوانە، بناغەی هەلسورانی ئەم جەمعەیە. نوسین و قسەكردن لەسەر لایەنی جوربەجور، لە مەسەلەی تیورییەوە هەتا ئەگاتە مەسەلەی سازماندەیی، بەشیكی بنچینەیی و لە دابراننەهاتووی كاری ئەم جەمعە و ئەندامەكانییەتی. گورینی ئەم هەیئەتانە بە ئورگانی جیبەجیكردن و بەریوەبردنی رووت و بەس، بەمانای تەواوی وشە، یانی مەحرومكردنی حیزب لە رابەری.
٣ -بناغەی بەكارەینانی چاودیریكردنیكی سەربەخو لەسەر رابەری نیشتەجیی حیزب لەم تەرحەدا، لەلایەن كومیتەی ناوەندییەوە (چاودیریكردنیك، كە لە تەرحی پلینومی پیشوودا، لەلایەن مەكتەبی سیاسییەوە لەسەر لیدەر بەكارئەهینرا)، بە هەلبژاردنی سكرتیریك بو كومیتەی ناوەندی، كە ئەندامی رابەری جیگیری حیزب نییە و سەربەخو، راپورتی خوی ئەداتە پلینوم، زامن ئەكریت.
سەرەنجام، هەر تەرحیك، تەنها بە ئەندازەی ئیرادە و توانایی جیبەجیكەرانی كاریگەر و بەكەلك ئەبیت. یەك پرانسیپی بناغەیی هەر تەرحیك بو سازماندەیی رابەری حیزب، لە ئارادابوونی كەسانیكە كە ئامادەبن بە پلەی یەك رابەری سیاسیی و حیزبیی بەمانای دروست و تەواوی وشەكە، دەركەوتبن .لیرەدا دیسانەوە، ئامادەیی كومیتەی ناوەندیی، مەكتەبی سیاسی و بەتایبەت، هەیئەتی دائیمی مەكتەبی سیاسی، بو بەئەنجامگەیاندنی كاروباریك كە لە ئەستوی دەگرن، مەرجی سەركەوتوویی ئەم تەرحەیە.

**بینای رابەری حیزب و ئورگانەكانی:**

١ -كونگرەی حیزب، كومیتەی ناوەندیی هەلئەبژیریت.
٢ -كومیتەی ناوەندیی، ئورگانیكی پلینومییە. لەماوەی نیوان دوو پلینومدا، مەكتەبی سیاسی هەلبژیراوی پلینوم، رابەریی حیزبی لە ئەستودایە.
٣ -مەكتەبی سیاسی بو مسوگەركردنی رابەریی هەمیشەیی و نیشتەجیی حیزب، لە نیوان خویاندا "هەیئەتی دائیمی مەكتەبی سیاسی" و "سەروكی مەكتەبی سیاسی " هەلئەبژیرن.
٤ -هەیئەتی دائیمی مەكتەبی سیاسی، رابەریی جیگیری سیاسی و ریكخراوەیی حیزبە. سەروكی مەكتەبی سیاسی، لەسەرەوەی هەیئەتی دائیمی، قەراری گرتووە و كوبوونەوەكانی هەیئەتی دائیمی بە سەروكایەتی سەروكی مەكتەبی سیاسی ئەنجام

ئەدریت. بریارەکانی هەیئەت، بە زورایەتی ریژەیی دەنگەکان بەئەنجام ئەگەیەنریت.

٥ -دەسەلاتەکانی سەروکی مەکتەبی سیاسی لە هەیئەتی دائیمیدا، ەاوشیوەی سکرتیری ئورگانیکە. سەروکی مەکتەبی سیاسی لە پروسەی بریارداندا، هەروەکوو ئەندامانی تری هەیئەتی دائیمی، خاوەنی یەك دەنگە.

٦ -هەیئەتی دائیمی مەکتەبی سیاسی، جەمعیکی گردوکو و جیگیر لە تاکە ولاتیکدایە.

٧ -تەرح و سازماندەیی بەریوەبەرایەتی جیبەجیکردنی حیزب (پیکەینانی هەیئەتی سکرتیرەکان، کومیتەی جیبەجیکردن، مەکتەبی ناوەندی و ئورگانی تر(، لە دەسەلاتەکانی هەیئەتی دائیمییە.

٨ -پلینومی کومیتەی ناوەندیی بەهەمان شیوە، کەسیك بە ناونیشانی سکرتیری کومیتەی ناوەندیی، هەلئەبژیریت. سکرتیری کومیتەی ناوەندیی نابیت، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بیت. سکرتیری کومیتەی ناوەندیی، مەرجەعیکی تەنفیزی نییە، هەروەها مەرجەعیك نییە بو دارشتنی سیاسەت و بو رابەریکردن. ئەرکی سەرەکی سکرتیری کومیتەی ناوەندیی کە لەلایەن کومیتەی ناوەندیەوە پیی ئەسپیردری، چاودیریکردنیکی سەربەخویە، لەسەر هەلسورانی مەکتەبی سیاسی و رابەری حیزب، وە ئامادەکردنی راپورتیکی جیاکارە لەوبارەوە، بو پلینوم. بانگەوازکردن و سازماندەیی پلینومەکانی کومیتەی ناوەندیی، لەلایەن سکرتیری کومیتەی ناوەندییەوە ئەنجام ئەدریت.

٩ -پلینومی کومیتەی ناوەندیی بەلای زورەوە، شەش مانگ جاریك و کوبوونەوەی مەکتەبی سیاسی، دوو مانگ جاریك، ئەبەستریت.

١٠ -سەنگوپیوانەکانی جیبەجیکردن و وردەکارییەکانی تری ئەم تەرحە، لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە، دائەریژری و بریاری لەسەر ئەدریت .

منصور حکمت



# بنەمای رێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی

**پەسەندکراوی پلینومی چوارەمی کومیتە مەرکەزی حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیران**

**پیشەکی :** بنەمای ریکخراوەیی حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیران، ئەو بنەما گشتییانەیە، کە بریارەکانی پەیوەست بە پەیرەوی ناوخو و مەوازینی ریکخراوەیی حیزب پشتی پی دەبەستیت. پەیرەوی ناوخوی حیزبی کومونیستی کریکاریی لەهەر قوناخیکدا، ئاویتەیەکە لەم سەنەدە و لە ئایینامە ئیجراییەکان و بریار و مەوازینیك کە کونگرە، وەیان کومیتە مەرکەزی حیزب لەسەر بنچینەی ئەم بنەما ریکخراوەییە، لە مەیدانە موشەخەسترەکانی هەلسورانی حیزبیی، پەسەندی ئەکات. ئەم بریار و ئایینامانە ناتوانن و نابیت لەگەل ئەم بنەمایانەی لەم سەنەدەدا ەاتووە، دژبەیەك و ناکوك بن.

* * *

## بنەمای رێکخراوەیی

## حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

**١ -حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیران، ریکخراویکی شورشگیری مارکسییە، بو ریکخستن و رینوینیکردنی چینی کریکار، بو بەدیەینانی شورشی کومونیستی پیکهاتووە. ئامانجەکانی حیزبی کومونیستی کریکاریی، لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا خراوەتە روو.**

٢ -حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیران، شوینی یەکگرتن و هەلسورانی کریکارانی کومونیست و هەموو تیکوشەرانی ریگای شورشی کومونیستی چینی کریکارە. ئەندامەتی لە حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیراندا ئارەزوومەندانەیە. هەرکەسیك کە